www.kurdistannet.org
24-3-2002 14:14

# یەك ڕاسیزم و دوو ئاستی جیاواز لە بەرپرسیێتی

سالار سۆفی
baukilaue@hotmail.com

لە ڕۆژی 21.3 دا، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە ڕۆژی نێونەتەوەیی دژی ڕەگەزپەرستی دەستنیشان کراوە، شاری هێلسینکی پایتەختی فنلەند خۆپیشاندانێکی جەماوەری لەدژی ڕاسیزم بەخۆوە بینی. ئەم خۆپیشاندانانە لە (sinattin tori) وەوە دەستییپێکرد. خۆپیشاندەران بە دروشمەکانیانەوە بە ناوجەرگەی شارەوە تێپەڕین و بەرەو باڵەخانەی پەرلەمان کەوتنە ڕێ.

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا بیخەمە ڕوو، ئەوەیە کە ئەگەر چی کۆمەڵێ پارت و ڕێکخراو ی ڕامیاری و جەماوەری کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆست و کەسایەتی ناسراو لەم خۆپیشاندانە جەماوەرییەدا بەشدایان کرد، بەڵام هەر هەموویان لە ژێر ناوی ڕێکخراوی RVV تۆڕی دژایەتی ڕاسیزم دا کۆبوونەوەو ئەم ڕێکخراوە ڕابەرایەتی دەکردن. دروشمەکان هەمان دروشم و لەژێر هەمان ناودا بوون، ناوی هیچ پارت و ڕێکخراوێك لەهیچ شوێنێك نەدەبینرا( بۆ مێژوو لە تەواو بوونی خۆپیشاندانەکەدا، تەنها ناوی یەك ڕێکخراوم لەسەر یەك دروشم بینی ).

پارت و ڕێکخراو و کەسایەتییە کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆستەکان لەپێناوی بەرەو پێشبردنی خەباتی جەماوەریدا بەم جۆرە ڕەفتار دەکەن. لە خاڵە هاوبەشەکاندا یەك دەگرنەوە و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا لە ناوی ڕێکخراوەکانیان خۆش دەبن.

نوێنەری گرووپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فنلەند خاتوو Eva Biaudet لە وتەیەکدا وتی بەدەر لە هەڵوێستی پارتەکەم، من وەك هەڵوێستێکی کەسی خۆم دەستخۆشیتان لێ دەکەم و لەگەڵتانم ........... بەو واتایەی دەکرێت هەڵوێستی کەسی خۆم لە هەڵوێستی پارتەکەم جیا بکەمەوە.

ئاخۆ کەی بێت سەرکردەیەکی کوردیش لەهەر ئاستێك و لە هەر پارتێك بێت، هەڵوێستێکی لەو جۆرە بنوێنێت؟؟؟؟!!!!!!!!!

لەنێو پێنج وتاردا، بە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانەوە تەنها یەك وتار خوێندرایەوە ئەویش بە ناوی تۆڕی دژایەتی ڕاسیزمەوە.

تا ئێستاش لە کاتی وادا، لە نێو سیاسەتمەدارانی ئێمەدا، جگە لەوەی هەر کەس دەیەوێت وتاری خۆی بخوێنێتەوە، ناکۆکی لەسەر ئەوەیە کە کێ لە پێشدا وتار دەخوێنێتەوە؟!

تۆ بڵێیت خەڵکی فنلەند ئازاری زیاتریان لەدەست ڕاسیزم چەشتبێت، وەك لە ئازاری کورد بە دەست جینۆسایدەوە، کە لە گڵاوترین ئاکامەکانی ڕاسیزمە.

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال، هەنگاوێکە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە. مخابن بەهۆی بزر بوونی گیانی هاوکاری لەلایەن زۆربەی پارت و ڕێکخراوەکانەوە و بەهۆی کۆمەڵێك کرداری چەوت و ڕێگری، لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەم کەمپینە جەماوەرییە سەربەخۆیەدا، وەك پێویست بەئاکامی خۆی نەگەیشتووە. هەڵسەنگاندنی ڕیالیستیانەی سەربەخۆی هەمەلایەنەی ئەم کەمپینە و دەستنیشانکردنی هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکان و لایەنە چەوت و خاڵە لاوازەکانی، هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنەکانی داهاتوومانە.

لە دروشمەکانی ئەم خۆپیشاندانە: پەناهەندە بەخێربێن، شوێن بۆ هەمووان.

ماوە بڵێین ئەم خۆپیشاندانە لە ژێر دروشمی سەرەکی گشت پێکەوە دژ بە ڕاسیزم بەڕێوە چوو، بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئەرێ خەڵکینە کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش لەژێر دروشمی گشت پێکەوە دژ بە جینۆسایدی کورد کۆببینەوە.